# قسەی خۆش

*** دەسەیەك پیاوی بەساڵاچوو لە خوێندنگەی گەورەکان بە شەوا ئەیانخوێند. جارێکیان مامۆساکە ئەڵێ بە یەکێکیان ئادەی بڕگەکانی "تەراکتۆر" بڵێ. یانێ بڵێ تە-راك-تۆر. کابرایش ئەڵێ، مامۆسا بە گەڵابەوۆ یا بە گاسنۆ؟!

*** جارێ کابرایەك نوێژ ئەکا، کتوپڕ پشیلەیەك یەتە سەر بەرماڵەکەی و دەس ئەکا بە میاوەمیاو. کاکە گیان کابرا لە قینا نوێژەکەی ئەبڕێت و ئەنیشێتە سەر پشیلەکە. ماڵەوماڵ ئەیفڕێنێ و بۆی ناگیرێ. خەڵك ئەڵێن، ئەوە بۆ ئەو پشیلە فەقیرە ئەفڕێنی لالە گیان؟ ئەویش ئەڵێ کورە نوێژم ئەکرد ئەو پشیلە نەگبەتە هاتە بەر دەمم و دەسی کرد بە میاوەمیاو. خەڵکیش وتیان جا قەی چی ئەکا؟ کابرا وتی، کورە من کە نوێژ ئەکەم گوێ بۆ قسەی خوایش ناگرم ئیسە پشیلە.

*** کابرایەك خەریك خۆ جوان کردن ئەبێ کە دوایی بڕوا دۆسەکەی ببینێ. کە تەواو بوو ئەچێتە بەر ئاوێنەیەك و ئەڵێ، ئاوێنە! لۆچێکم تیا بێ چل چەقۆو لێ ئەیەم.

*** کابرایەك ئەبێ لە دێیەکا ئەژی و مانگابەکەڵێکی ئەبێ. ئێوارەیەك مانگاکەی نایەتۆ بۆ ماڵۆ. ناودێ ئەگەڕێ کە چی مانگاکەی بۆ نادۆزرێتۆ. ئەمجا ئەچێ بۆ ناو شاخ و داخ. لە ڕێیا ئەگا بە دوو سێ سەروازی فارس. کابرا نازانێ بە فارسی بە مانگابەکەڵ ئەڵێن چی. ئەپرسێ لە سەروازەکان: "سرکار جان اینجا یك گاو کونی ندیدی".

*** زەمان شەڕەکەی ئێران و ئێراق (عەمریان کۆتا بێ)، کابرایەك و کوڕەکەی خەریك درەو کردن ئەبن لە دەشت مەریوانا. کابرا تۆزێ گوێی قورس ئەبێ. کوتووپڕ تەیارە یەت و دەس ئەکا بە بۆردمان. کوڕە ترس ئەیگرێ و ئەڵێ باوە پادگان (شوێنێکە لای مەریوان) سووتا. کابرا حاڵی نابێ کورەکەی ئەڵێ چی، ئەڵێ بە کوڕەکەی سەگە شێت خەریك کارەکەو بە. کوڕەکەی دیسان ئەڵێ کورە باوە وا پادگان سووتا. کابرا هەر حاڵی نابێ و ئەڵێ سەگە شێت کارەکەو کە. ئەمجا کوڕەکەی ئاور و بۆم و تەیارە ئەبینێ، خۆی بۆ ناگیرێ ئەڵێ باوە باوکتم گا پادگان سووتا.

*** جارێکیان کابرایەکی پیر لە چۆڵاییەکا خەریك ماکەرێك ئەبێ. کوتووپڕ کوڕێك یەت بە سەریا و ئەیبینێ. کوڕەکە ئەڵێ ئەوە لالە شەریف عەیب ناکەی خەریك ئەو کەریتە، خۆ تۆ ژن و مناڵت هەیە. کابرای پیر ئەڵێ بە قوربان بە خراپ حاڵی نەبی بە خوا دوکتەر بۆی داناوم.

*** هەرزەکارێك ڕۆژێك زەماوەنی ئەبێ و بۆ شەو ئەچێتە لای ژنەکەی، کە بۆ یەکەم جار ئەبێ ئەچێتە لای ژن. بەیانی ئەچێتە ناو ئاوایی و ئەڵێ بە خەڵك ئەوە چۆن برێ کەس بە بێ ژن هەڵ ئەکەن؟

*** کوڕێك ئەبێ کچێکی خۆش ئەوێ و خەو و خەیاڵی ئەوە ئەبێ ڕایەك بگا بە کچەکە. جارێك وا ڕێ ئەکەوێ لە چۆڵاییەکا ئەگەن بە یەك. باوەش ئەکەن بە یەکا بەڵام لە ترس و لە هەوڵ بوونا قسەیان بۆ نایەت. کوڕەکە هەرچی بیر ئەکاتۆ نازانێ بڵێ چی. ئەمجا تن کچەکە ئەگووشێ و ئەڵێ: بووترڕنم؟

--- حەمەلاو بەگ کابرایە زۆر قسە خۆش ئەبێ لە ناوچەی مەریوان. لێرە برێ لە قسەکانی ئەنووسم.

*** جارێکیان حەمەلاو بەگ لە بەر هەیوانێکا دائەنیشێ و تەماشای دەشت و دەر ئەکا. کابرایەك ئەبینێ لە دوورۆ کە بەرەو ماڵ ئەوان یەت. کابراکە لە جۆگەیەك ئەپەڕێتۆ و ئەڕوانێ بە دەور و پشتیا. حەمەلاو بەگ ئەڵێ دەی تەڵاقم کەوتبێ سێ بە سێ ئەو کابرا کە پەڕییۆ لەو جۆگە تڕێکی لێیا. کە کابرا ئەگاتە لای حەمەلاو بەگ لێی ئەپرسن، باشە کە پەڕیتۆ تڕێکت لێیا یا نە؟ ئەڵێ بەرەوەڵا، باشە چۆنتان زانی؟ حەمەلاو بەگ ئەڵێ بەوا زانیم کە ڕوانیت بە دەور و بەرتا.

*** جارێکیان جمعە ئەبێ و حەمەلاو بەگیش لە ماڵۆ ئەبێ. کابرایەك یەت بە شوێنیا ئەڵێ برای خاس بە حەمەلاو بەگ بێ بۆ مزگەوت، یەك کەسمان کەمە بۆ جمعە کردن، تۆ نەبێ کەس شك نابەین. حەمەلاو بەگ ئەڵێ ئەمە ئەو ڕۆژەتە خوا تەنگانەی کەوتوەتە من! من هەزاران ڕا تەنگانەم کەوتە ئەو و نەهات بە فریامۆ، ئەی تەڵاقم کەوتبێ سێ بە سێ نایەم.

--- شێ حەمە مارف:

*** ڕۆژێك شێ حەمە مارف لە خوێندنگەی کچان دەرسی تارەت گرتن دائەیا. ئەڵێ دوو سێ جار ئاوەکەی بۆ بخەن و پاکی کەنۆ. کچان ئەڵێن حاڵی نەبووین، زیاتری باس کە. دیسان شێ حەمە مارف ئەڵێ دوو سێ جار ئاوی پیا پاشن و ئیتر پاك ئەبێتۆ و تەواو. کچان ئەڵێن بە خوا شێ حەمە مارف باش تێنەگەیشتین زۆرتر شیکەرۆ. شێ حەمە مارف جارێك تر بۆیان شی ئەکاتۆ. کچان حەز لە باسەکە ئەکەن و دیسان ئەڵێن بە خوا زۆر باش حاڵی نەبووین و نازانین چۆن پاکی کەینۆ. شێ حەمە مارف تووڕە ئەبێ و ئەڵێ دە باشە لە ناوی بەم!

*** ڕۆژێک شێ حەمە مارف ئەچێتە دووکانێك. خاوەن دووکان ئەیەوێ تسێ باتۆ. جا ئەڵێ بە شێ حەمە مارف ئا توخوا بێ زەحمەت بڕۆ دەرۆ بزانە هەوا چۆنە. شێ حەمە مارف ئەچێتە دەرۆ و دوای تاوێك یەتۆ ناو دووکانەکە و بۆی تسەکە یەت بە ڕوویا. خاوەن دووکان ئەڵێ باشە هەوا چۆن بوو؟ شێ حەمە مارف ئەڵێ وەڵاهی ئەگەر ئاوا بێ تا بەیانی سێ میتر گوو ئەبارێ.

*** شێ حەمە مارف ئەچێتە دێیەك و ئەبینێ وا دوو مەلا نەخۆشن، یەکێکیان ئەڕشێتۆ و یەکێکیشیان تووڕاڵە. شێ حەمە مارف ئەیانبا بۆ لای دوکتەر. کابرای دوکتەر ئەڵێ وەڵا من نازانم ئەمانە چیانە. شێ حەمە مارف ئەڵێ من ئەزانم چیانە، هەردووکیان هەر یەك نەخۆشینیان هەیە بەڵام یەکێکیان بە دەم گرتوویەتی و یەکێکیشیان بە قنگ.

*** جارێ مەلایەك باس دزی ئەکات و ئەڵێ ئەگەر کەسێ بزنێ بدزێ، لەو دنیا لە وەخت دادگاییا بزنەکە یەت خۆی ئەڵێ فلان کەس منی لە فلان کەس دزی. شێ حەمە مارفیش ئەڵێ دەی مامۆسا من ئیسە بزنەکە ئەدزم و لەو دنیا لە وەخت دادگاییەکەیا ئەییەمۆ بە خاوەنەکەی.